ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر بڵاودەکرێتەوە




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

"ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر" لە ئامادەکردنی عەبدولڕەحمان مەعرووفە و زانیاری و بایۆگرافیای نووسەرانی هەولێر و لەخۆدەگرێت.

عەبدولڕەحمان مەعرووف لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتوور)ی ڕاگەیاند "پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیا لەلای میللەتانی دنیا لە تەواوی بوارەکانی ژیان و مەعریفە و زانیاری کاری لەسەر کراوە، ئێستا بووەتە پێویستییەکی سەردەم و وەک بەشێک لە کولتووری گەلان بە هەند وەردەگیرێ".

گوتیشی :"شانم داوەتە بن ئەم پرۆژەیە و وەک هەنگاوی یەکەمیش لە (ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر و دانیشتووی هەولێر)ەوە دەستمپێکرد، ئەگەر تەمەن بە بەریەوە بمێنێ هی سەرجەم شارەکانی دیکە و هەموو کوردستانیشم لە پلان و بەرنامەدایە".

مەعرووف نزیکەی 10 ساڵ کاری لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە و کاتی خۆی بەشێکی لەسەر داوای لیژنەی باڵای (ئینسایکلۆپیدیای هەولێر) ئامادە کرد و چاپکرا.

پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیاکە پێکهاتووە لە نووسەرانی هەولێر و دانیشتووی هەولێر کە کتێب و چاپکراویان هەیە.

ئینسایکلۆپیدیاکە 2000 لاپەڕەیە و لە چوار بەرگ پێکدێت، بڕیارە لەم نزیکانە چاپ و بڵاوبکرێتەوە. ئامادەکاری ئینسایکلۆپیدیاکە داوا لە نووسەرانی هەولێر و دانیشتووی هەولێر دەکات، ئەوانەی دەیانەوێت لە پرۆژەکەدا بەشداربن، لەڕێگەی ئیمەیلی abdulrahman.m.rasul@gmail.com پەیوەندی پێوە بکەن.

### کتێبی (ڕاسپاردە بە بادا) بڵاوکرایەوە

# خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ شیعرنامەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

(ڕاسپاردە بە بادا) کە خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ شیعرنامەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم، لە نووسینی محەممەد ئەحمەد تاهیرە و بەمدواییە چاپ و بڵاوکرایەوە.

محەممەد ئەحمەد بە (ئەدەب و کولتوور)ی ڕاگەیاند "کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە کە تەواوکەری یەکدین، بەشی یەکەمی پێشەکییەکی کورتە بۆ ئاشناکردنی خوێنەر بە سەردەمەکەی نالی و توانا و لێهاتوویی لە داهێنانی شێوازی شیعری و دیالێکت و هونەری تێر و تەسەلی شیعر". گوتیشی کە لە بەشی دووەمدا هەوڵیداوە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ شیعرنامەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم بکات لەڕووی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕامیاریی نێوان ساڵانی 1800 تاوەکو 1848 کە نالی لەم ساڵەدا سلێمانی جێهێشتووە.

محەممەد ئەحمەد دەشڵێت: "ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدایە ئاخاوتنە لە مێژوویەکی دیاریکراو کە پەیوەندی بە سەردەمەکەی نالییەوە هەیە لە کوردستاندا. پاشان هەر لەم بەشەدا هۆکاری نەگەڕانەوەی نالی بۆ کوردستان خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە".

کتێبەکە لە 238 لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆمانێکی ژان دۆست دەکرێتە کرمانجی




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

ڕۆمانی (نواقیس روما) کە لەلایەن ژان دۆست، ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان نووسراوە، بە کوردی (شێوەزاری کرمانجی) بە ناوی (ناقۆسێن ڕۆمایێ) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

بەسام مستەفا کە ڕۆمانەکەی لە عەرەبییەوە کردووەتە کوردی (شێوەزاری کرمانجی) بە (ئەدەب و کولتوور)ی ڕاگەیاند: "چاپخانەی دارا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان پەیوەندییان پێوەکردم بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەیان بۆ بکەم بە کرمانجی، منیش کردمە کرمانجی".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، بەسام مستەفا گوتی: "ئەو ڕۆمانەش وەکو زۆربەی ڕۆمانەکانی دیکەی ژان دۆست ڕۆمانێکی مێژووییە، بەڵام لە ڕێگەی ئەو مێژووەوە باسی سەردەمی نوێ و ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات. بە تایبەتی هەوڵدەدات بیرۆکەی وەکو لێبووردنی ئاینی و برایەتیی گەلان لە هەموو جیهاندا بڵاوبکاتەوە".

ڕۆمانی (ناقوسێن ڕۆمایێ) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2016 بە زمانی عەرەبی لەلایەن چاپخانەی ساقی لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان چاپکراوە. هەر هەمان ساڵ لەلایەن سەباح ئیسماعیل بە ناوی (زەنگەکانی ڕۆما) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی).




## هەڵاڵە سوهرابی؛ ژنە شاعیری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ (ڕووداو)؟

# بەگشتی ژن لە شیعری مندا یاخی و نارازی و تووڕەیە

هەڵاڵە سوهرابی: لە شاری بۆکان لە ساڵی (1976) لەدایک بووە و لەم ماوەیەی ڕابردوودا دوو کتێبی شیعری بە ناوەکانی "من ئێستا دۆزەخە" و "پیاڵەیەک ئۆقیانووس نیم بمڕێژی" چاپ و بڵاوکردەوە. سوهرابی کە ئێستاکە لە شاری سنە نیشتەجێیە، لەم هەڤپەیڤینەدا باسی ئەزموونی خۆی لە بواری شیعر و ڕەوتی ئەدەبیات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.

**هەڤپەیڤین: ئارام فەتحی- سنە**



**ڕووداو: پێمخۆشە سەرەتا ئەم پرسیارە بکەم: چ شتێک ئێوەی ڕاکێشاوەتە نێو جیهانی شیعر؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** شیعر زیاتر لە هەموو هەستێک ئەزموونی ڕەنجە، جا برێک لە ڕەنجەکان تایبەتی خودی شاعیرن، هەندێکیشیان هاوبەشن لە نێوان شاعیر و خوێنەردا و هەر ڕەنجێکیش تایبەتی تەمەنێکم بووە و هەتا ئێستاش هەر لە کاتی خەم یان تووڕەییدا، ئێش و ئازارەکانی خۆم بە شیعر دەربڕیوە.

شیعر بۆ من وەک هاوڕێیەکی ڕاستەقینەیە. هەمیشە چێژم لە سیحری وشە بردووە.

بەڵام بێجگە لە هەموو ئەو هەستانەش، سەردەمانێک کە پێیانگوتین لاڵ بە، لاڵ بووین و نووسین دەستپێکرد.

وەک ژنێک هیچ شتێک ناتوانێ لەم جیهانەدا خۆی لە بیر و هزری من بشارێتەوە. لەسەر شەقام، لەناو پاسدا، لە قوژبنی درەختەکاندا، لە نیگا و ڕوانین و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا بە دوای وشەدا دەگەڕێم.

**ڕووداو: دوو کتێبی شیعریتان تازە هاتوونەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، دەکرێ لەسەر ئەو کتێبانە بۆ خوێنەرانمان بدوێن؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** "من ئێستا دۆزەخە" و "پیاڵەیەک ئۆقیانووس نیم بمڕێژی" بەرهەمی ساڵەکانی ۹۰ تا ۹۶ی هەتاوین، ئەم دوو بەرهەمە شیعرییە بۆ یەکەمجار لە چاپەمەنیی گوتاردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

شیعرەکان زۆربەیان باسی ڕەنج و ئازارەکانی ژنن. هەوڵمداوە بە تەواوەتی لە بیر و هزری ژنێکەوە بڕوانمە دونیا و دەوروبەرم و بەپێی ئەوەی کە مرۆڤم و ژنیشم، وەکو خۆم بیرم لە ژیان کردووەتەوە و بێگومان ئەوە لە شیعرەکانیشمدا ڕەنگی داوەتەوە و زۆربەی کارەکانم وەک بڵێی ئەزموونی ژینکراو (زیستکراو)ی منن و دوور نین لە ژیانی خۆم و ژنانی دەوروبەرم. باسی ڕوانگەی ڕەگەزی (جنسییەتی) و ئەوەی کە ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا جەستەیەکی بێ سەرە و تەنانەت جەستەیشی وەک پەیکەرێکی چێوی و بۆش وایە و حەز و چێژ و ژنانەیی لای زۆربەی خەڵک و بەتایبەت لای خودی ژنان وەک هەستێکی قەدەغە و عەیبە، ناوی براوە.

هەوڵمداوە زمانی شیعریی تایبەت بە خۆمم هەبێ و شیعرەکان لە بیرۆکەی کۆن و وشەی سواو بپارێزم و مانای نوێ بدەم بە دالەکان و لە پەنای پاراستنی مانادا فۆرم و تەکنیکیش بهێنمە شیعرەکانەوە، بە تایبەت لە کتێبی "پیاڵەیەک ئۆقیانووس نیم بمڕێژی " زیاتر تێکەڵاوی فۆرم و تەکنیکەکان بووم و پێکهاتەشکێنییەکی تایبەت بە خۆمم هەبووە، هەروەها زمانی شیعرەکانم زمانێکی ژنانەیە و ساڵها هەوڵم بۆ ڕچەشکێنی داوە لەو بوارەشدا...

بەڵام بەگشتی ژن لە شیعری مندا یاخی و نارازی و تووڕەیە، بەرەنگاری هەموو نابەرابەرییەکان دەبێتەوە و لە هەمان کاتیشدا تووشی سەرگەردانییەکی ئەبەدییە لەم کۆمەڵگا دینتەوەرەدا کە هەموو هەڵسوکەوتێکی ژن بە گوناه لێکدەداتەوە و ژن بۆ هەموو هەڵسوکەوتێکی تووشی ڕەنج و عەزابی ویژدانە و تەنانەت خۆیشی بەوە گەیشتووە کە بوونی ئەو تەنیا لە خزمەت پیاو و بنەماڵەدایە و کاتێکی تەرخانکراوی بۆ خۆی و هەستەکانی نییە.

بەڵام تا چەندە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووم، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ڕەخنەگران و خوێنەرانی ئێستا.

**ڕووداو: باسی شاعیربوونی خۆتان وەک ژنێک هێنایە گۆڕێ، ڕوانینتان بۆ حزووری ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا چۆنە؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** ژنبوون، لە وڵاتێکدا کە چەوسانەوە و پیاوسالاری حاکمە، دژوارە؛ جا ئەگەر ژن بێ و نووسەریش بێ زۆر دژوارتر! ژن بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتەوە کەوتووەتە بەر توندوتیژی و چەوسانەوە، ئەم دەسەڵاتە چ لەلایەن باوک و براوە بووبێ یان هاوسەرەوە، یاخود کۆمەڵگاوە، حاشاهەڵنەگرە. سنووردانان بۆ هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی ژن، لەبەرچاو نەگرتنی بیروڕای ژن تەنانەت لە سەردەمی تەکنۆلۆژی و مۆدێرنیتەشدا یەکێ لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگای پیاوسالارە. ئێستاش هەن پیاوانێ کە قایل بە سنووردانانن بۆ سەرەکیترین مافەکانی ژن و بە ڕاشکاوی دەیانچەوسێننەوە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاخاوتن و دەربڕین و دەرکەوتن سنووردار کراوە و ژن بەگشتی لە چوارچێوەگەلێکدا دیلە و لە پەلەقاژەی دەربازبووندایە، ژنی نووسەر هەوڵدەدا شوێنێک بۆ دەستپێکی گۆڕانکاری بدۆزێتەوە بەڵام تەنانەت لە شوێنە ئەدەبیەکاندا بەرەورووی کێشەکانی ڕەگەزسالاری یان ڕوانگەی جنسیەتی دەبێتەوە. مانەوە لەم چەشنە بارودۆخەدا ئەستەمە و لە باشترین حاڵەتدا ئینکار و لەبەرچاونەگرتنی ژن و خواستەکانی دێتە ئاراوە. لەم کۆمەڵگایەدا و لەم فەزا کپەدا زۆر بە کەمی دەنگ هەڵبڕین و بەرەنگاربوونەوە لە ئەدەبیاتی ژناندا بینراوە، یان هێندە کەمڕەنگ بووە کە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕەوتی ئەدەبیات بە گشتی و ئەدەبیاتی ژنان بە تایبەت دابنێ و ببێتە ڕێگەیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دەرخستنی جیهانبینیی ژنان.

ژنانی نووسەر بە هۆکارگەلێکی وەک: زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا، نەبوونی پاڵپشت، کێشەکانی ژیانی هاوبەش، چاوەڕوانیگەلی ڕۆژمەرە لەلایەن دەوروبەرییەوە، نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری بۆ چاپی بەرهەم، نەبوونی ڕەخنەگرانێک کە لە ڕوانگەی شیعرییەتەوە بۆ بەرهەم بڕوانن نەک لە ڕوانگەی ڕەگەزییەوە، ترس لە قەزاوەتی خوێنەر، نەخوێندنەوە و خستنەپشتگوێی هەستەکان و نیازەکانی ڕۆح بە نووسین لەلایەن خودی ژنەوە

> **ترس لە قەزاوەتی خوێنەر گەورەترین دڵەڕاوکێیە بۆ شاعیر**

و نەبوونی دەرفەتی دەرکەوتن و هاتنە مەیدان و هەوڵنەدانی جیدی لەلایەن خۆیانەوە بۆ ناساندنی دەنگ و هزریان، هەموو ئەوانە دەتوانن هۆکارگەلێکی گرنگ بن لە بەردەوامنەبوون و دابڕانی ژنانی نووسەر لە فەزای ئەدەبیات. بەگشتی چ لە ژانری نووسیندا چ لە بواری ڕەخنەدا ژن حزوورێکی کەمڕەنگی هەبووە، بەڵام بەو حاڵەش ئێستا هەن کەسانێک چالاکیی باشیان هەیە و کۆڵ نادەن و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و ئەنجوومەنەکانیشدا حزووریان هەیە و بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن.

**ڕووداو: ڕاستە ژنانێک هەن کە حزووریان هەبووە و کۆڵیان نەداوە، بەڵام ئەوە زۆر کەم دەبینرێ و لەو ئاستەی کە دەبوو ببێ نییە؛ بە بڕوای ئێوە ئەو ژنانەش کە حزووریان بووە چەندە توانیویانە خواستەکانیان و بوونیان بکێشنە ناو پانتایی نووسینەکانیانەوە؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** ژنی نووسەر زۆر جار ترساوە دەست بۆ وشە بەرێ و هێشتا بڕوای بە خۆی نەهێناوە و بڕوای بە وشە نەهێناوە و بەردەوام بیر و هزری بە لاڕێدا چووە.

پێموایە ژنی نووسەر بە پێچەوانەی پیاو لە یاساوە، لە قەدەغەبوونی دەربڕینەکانی وەک مرۆڤێک، لە قەدەغەبوونی خۆشەویستییەوە وەک ڕەگەزی مێ، لە قەدەغەبوونی هەستەکانی بەرانبەر بە خۆی وەک ژنێک، لە قەدەغەبوونی دربڕینی حەزی جنسی و هەروەها بەکەمزانینی ژن لە باری هەست و ئاوەز و عەقڵەوە لە کۆمەڵگای دینسالار و پیاوسالاردا سەری هەڵداوە، بەڵام هێشتا ڕۆحی یاخیبوون و هەڵوێستگرتنی بەرانبەر بەو هەموو چەوساندنەوانە نەهێناوەتە ناو شیعرەوە و بە داخەوە لە ئێستای مۆدێرنیتەدا هێشتا سوننەت زاڵە بەسەر مێشکی بەشێک لە ژنان و پیاوانی ئێمەدا. ژنانی ئازادیخواز و خوازیار بە یەکسانیی فکری لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکەونە ژێر پرسیار و دەچنە پەراوێزەوە، بەردەوام بوونی سێکسیزمی خێرخوازانە لە نێو کۆمەڵگادا تۆختر بووەتەوە و سێکسیزمێکی ڕادیکاڵیش لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگادا هێشتا باوە، ئەوانەش لە حاڵێکدایە کە کچان و ژنانی ئەم سەردەمە لەچاو ڕابردوو زیاتر مافەکانی خۆیان دەناسن و بەرەنگاری تابۆکان دەبنەوە؛ کەچی هێشتاکە لە شیعری زۆربەی ژناندا کەمتر هەست بە نارەزایەتی و هەڵچوون و یاخیبوونی ژن کراوە.

**ڕووداو: چ کۆسپگەلێک دەتوانێ لەبەردەم نووسەر یان شاعیرێکدا هەبێ؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** ترس لە قەزاوەتی خوێنەر گەورەترین دڵەڕاوکێیە بۆ شاعیر، خۆسانسۆریی شاعیر و بردنە ژێر پرسیاری بیروڕای نووسەران لە کۆمەڵگای داخراو و سوننەتیدا لەلایەن کۆمەڵگاوە بەتایبەت کێشەکانی نووسین لە ژیانی هاوبەشدا بەهۆی چاوەڕوانییەکان و سنوورگەلی زەمانی و زمانی دابینکراو بۆ نووسەر، ڕوانینی جنسیەتی، چاوەڕوانیگەلی جنسی، بەرژەوەندیدارکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ژنانی نووسەر و خستنە پەراوێزیانەوە لەلایەن کۆمەڵگای پیاوسالار...

**ڕووداو: ئاسۆی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵات چۆن دەبینن؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** شیعری ڕۆژهەڵات بە ئاستێکی باش لە تەکنیک و فۆرم و پێکهاتە گەیشتووە و خۆی لە ڕوایەت و گێڕانەوە تا ڕادەیەک دەرباز کردووە و تێدەکۆشێ مانای نوێتر بۆ دال و مەدلولەکان دابین بکا و چەند دەنگی و چەند ڕەهەندی، هەروەها کایە زمانییەکانی هەندێک لە شاعیرانی ئێستای ڕۆژهەڵات، خوێنەری چالاک هاندەدا بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و قووڵتر و تێدەکۆشێ خوێنەر بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە لە بواری خوێندنەوەدا خۆی بگەیەنێتە ئاستی نووسەر و هەندێ کاتیش تەنانەت لە نووسەر جیاوازتر بیربکاتەوە، بەڵام ئەم جۆر ڕوانینە بۆ شیعر و چێژبردن لێی تایبەت بە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگایە و خوێنەری چالاکی پێویستە و هەمووان چێژی لێ نابەن. باسێکی تریش هەیە کە لێرەدا پێویستە بێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە دیواری ئەم جۆری نووسینە واتە بەرەی چواری ڕۆژهەڵات زۆر کورتە و زۆر کەس وای لێ تێگەیشتوون کە بە چنینی چەند وشەی بێ واتا و بێ پێوەندیی مانایی و پارادۆکسیکاڵ دەتوانن ببنە داهێنەری




شیعر و ئیدیعای شاعیربوونیان هەبێ. هەر بەو هۆیەشەوە زۆر دەقی کۆپیکراو و بێ واتا لەم ناوەدا خولقاوە و بووەتە هۆی ئاڵۆزی و ئاخۆڕانێک کە ئەم بەرەیە خەریکە بەرەو ناشوێن دەبا.

**ڕووداو: پێتانوایە شیعرەکانتان لە کام لەو پۆلێنبەندییانەی وەک بەرەی سێ و چوار و ئەوانە کە لەلایەن هەندێک لە شاعیران و ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵاتەوە کراوە، جێ دەگرێ؟ یان هەر بڕوات بە بەرەی شیعری لەو شێوەیە هەیە؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** ڕوانینی من بۆ شیعر ڕوانینێکی ڕەهایە و خاڵی گرنگ لە نووسینەکانمدا بوونی ئەندیشە و مانایەکی قووڵە لە پشت وشەکانەوە و هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووم کە شیعر دەبێ قسەیەکی گرنگی بۆ گوتن هەبێ و تووشی دووپاتبوونەوەی پێش خۆی نەبێ و خوێنەر تووشی تێفکرین بکات و بە دوای خۆیدا ڕایکێشێ.

جا لە تەنیشت ئەوانەشدا هەندێ تەکنیک و تایبەتمەندیی خودی شاعیر هەن وەک مانای نوێ بەخشین بە وشە و شکاندنی پێکهاتەی شیعری کە بۆم گرنگ بووە تێکەڵی شیعر ببن. بەڵام هیچکات کەڵکەڵەی من پۆلێنبەندیی شیعر نەبووە و پێموابێ شیعر بە پێویستی فەزا و ناوەڕۆک ڕێی خۆی دەبینێتەوە و هیچکات بۆ نووسین خۆم لە قاڵبێکی تایبەتدا نەبەستۆتەوە. بەڵام هەوڵمداوە زمان و شوناسی خۆم ببێ لە شیعر و نووسینەکانمدا.

شیعر لای من وەکو ژن وایە، پێویستی بە ڕەهابوونە تا بتوانێ باشتر گەشە بدا بە خۆی. هەر بەرەیەکی شیعری تایبەتمەندی و قەواعیدی تایبەتی خۆی هەیە و بێگومان شیعرێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە لە هەموو ئەو خاڵانەی وەک قەفەسن، خۆی بپارێزێ و لە هەمانکاتیشدا هەڵگری شیعرییەت بێ بە تەواوی ماناوە.

**ڕووداو: ڕوانگەتان لەسەر چییەتی شیعر؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** شیعر وەک ئەسپێکی یاخی دەبینم کە بە دەم حیلەی وشەوە دەمبا و دەستەمۆ نابێ، کاتێ ڕۆژمەرەیی ماندووم دەکا و پەنا دەبەم بۆ نووسین، ڕەنجی من دەستپێدەکا و ڕەنگە خۆشترین ڕەنجێکە کە لێی ماندوو نابم.

> **شیعر لای من وەکو ژن وایە، پێویستی بە ڕەهابوونە**

بەڵام بۆ منێکی نووسەر کە ژنیشم و لە هەمبەر توندوتیژی و پێشێلبوونی مافی ئینسانی و هەروەها زاڵبوونی بیرۆکەی پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا و لە پەراوێزخستنی ژنان لە باری فیکری و کۆمەڵایەتییەوە ڕێی دەنگهەڵبڕینم بۆ دانەنراوە و چما دەنگهەڵبڕینەکان دەمکوت کراون، شیعر دەبێ بتوانێت پەنجەرەیەک بەرەورووی کۆمەڵگادا بکاتەوە و وەبیرهێنەرەوەی کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا بێ. دەردێک کە لە تاک بە تاکی مرۆڤدا هەیە و نووسەر تەنیا پڕڕەنگتر و قووڵتر دەڕوانێتە جیهانێک بە ناوی کۆمەڵگا.

**ڕووداو: شیعرەکانی ئێوە زیاتر لە گەردوونەی چ باسگەلێکدا خۆ دەبیننەوە؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** بە گشتی هەر شتێک لە ناخەوە منی ئازار دابێت، یان تووڕەی کردبم یان بەربەست بووبێ لە نێوان من و خواستەکانم، لە ئاکامدا بە شێوازی شیعر یان زۆر جاریش وەک چیرۆکێک خۆی لە منەوە دەرباز کردووە. هەوڵمداوە وەک ژنێک بڕوانمە دنیای دەوروبەرم و زۆربەی شیعرەکان باسگەلی کۆمەڵایەتی و باسی دنیایەکی ژنانەیە و کێشەکان و ڕوانینیان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ژنێک لەگەڵ کۆمەڵگایە.

**ڕووداو: ژن لە شیعرەکانی ئێوەدا چۆن دەنوێنرێ؟**

**هەڵاڵە سوهرابی:** ژن لە شیعری مندا لە پێش هەموو شتێکەوە مرۆڤە، دوایی ژنە و

# بێلایه‌نبوون و لایه‌نگری له نووسینه‌وه‌ی بیره‌وه‌ریدا



سه‌نگه‌ر زراری



هه‌ر له سه‌ره‌تاوه ده‌بێ ئه‌وه‌مان لا ڕوون بێت که بیره‌وه‌ری ڕووبه‌رێکی خودییه، واتا به‌ر له هه‌موو شتێک ڕووبه‌رێکه بۆ خۆدواندن، ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌مان پێده‌ڵێت که تاک ئازاده له‌وه‌ی چی ده‌نووسێت و چی نانووسێت. ته‌نانه‌ت خودی نووسینی کتێبیش (دیاره مه‌به‌ستمان له ده‌قی خۆدوێنیی وه‌کو بیره‌وه‌ری و گه‌شتنامه و ئه‌ده‌بیات و... ئه‌و جۆره نووسینانه‌یه)، هه‌ر بابه‌تێکی خودییه و بۆ جیاکردنه‌وه‌ی منه له ئه‌وانیتر.

زۆر جار ئه‌وه ده‌بیستین که کاتێک باسی بیره‌وه‌رییه‌ک ده‌کرێت، خوێنه‌ره‌کان به‌وه وه‌سفی ده‌که‌ن که بیره‌وه‌رییه‌کی خراپه و زۆر لایه‌نگرانه نووسراوه، یان ده‌ڵێن تاڕاده‌یه‌ک بێلایه‌نیی پاراستووه و بیره‌وه‌رییه‌کی باشه، واتا وا دێته به‌رچاو، که بێلایه‌نی و لایه‌نگری بکرێنه پێوه‌ر بۆ بیره‌وه‌ریی باش و بیره‌وه‌ریی خراپ، لێره‌دا پرسیاره‌که ئه‌وه‌یه که ئایا بیره‌وه‌ری هه‌یه به بێلایه‌نی نووسرابێته‌وه و هی دیکه‌ش لایه‌نگرانه؟! ئه‌گه‌ر بیره‌وه‌ری بێلایه‌ن و لایه‌نگرانه هه‌ن، چۆنه و پێوه‌ره‌کانی چین؟ ئه‌گه‌ر بیره‌وه‌ریی بێلایه‌نیش بوونی نییه، که‌واته چ پێوه‌رێکی دی هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ئێمه ده‌قی بیره‌وه‌رییه‌ک هه‌ڵسه‌نگێنین که باشه یان خراپ؟!

بێگومان بیره‌وه‌ری وه‌کو هه‌واڵێکی ڕۆژنامه‌وانی نییه که مرۆڤ مه‌حکووم بێت به‌وه‌ی بێلایه‌نانه بینووسێته‌وه، ته‌نانه‌ت به‌هۆی خودیبوونییه‌وه، ده‌توانین دان به‌وه‌دا بنێین که بیره‌وه‌ری به هیچ شێوه‌یه‌ک بێلایه‌نانه نانووسرێته‌وه، هه‌ر لێره‌شه‌وه ئه‌وه ڕوون ده‌بێته‌وه که بێلایه‌نی و لایه‌نگری نابنه پێوه‌ر بۆ دیاریکردنی ده‌قی بیره‌وه‌ریی باش و ده‌قی بیره‌وه‌ریی خراپ، بێگومان ئه‌وه‌ی که نووسه‌ر له کاتی نووسینه‌وه‌ی بیره‌وه‌ریدا ناتوانێ بێلایه‌ن بێت، هۆکاری خۆی هه‌یه، سه‌ره‌تا ئێمه به‌دوای ئه‌و هۆکارانه‌دا ده‌گه‌ڕێین که ده‌بنه هۆی ئه‌وه‌ی ده‌قی بیره‌وه‌ری به بێلایه‌نانه نه‌نووسرێته‌وه. به بۆچوونی ئێمه دوو هۆکار هه‌ن که وا ده‌که‌ن هیچ مرۆڤێک نه‌توانێ بیره‌وه‌رییه‌کانی خۆی به بێلایه‌نانه بنووسێته‌وه، ئه‌وانیش هۆکاری خودی و هۆکاری بابه‌تین:

## هۆکاره خودییه‌کان:

1- مرۆڤ بوونه‌وه‌رێکه ڕوانگه و ڕوانینه‌کانی سنووردار و دیاریکراون، "به‌شێوه‌یه‌کی سروشتی مرۆڤ خودی خۆی و ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر خودی خۆی و جیهان ده‌یزانێت، ده‌کاته پێوه‌ر بۆ ناسینی ئه‌وانیتر و جیهان، مرۆڤ ناسینی خۆی له‌باره‌ی خۆیه‌وه، ده‌کاته خاڵی ده‌ستپێکردن له‌باره‌ی هه‌موو مرۆڤ و شته‌کانی تره‌وه..{سیوه‌یلی: 142}". که‌واته مرۆڤ هه‌موو لایه‌نه‌کانی ڕووداوه‌کان نابینێ و ته‌نیا دیوێکی ڕووداوه‌کان ده‌بینێ، بۆیه ئه‌گه‌ر بشیه‌وێ هه‌موو ڕووداوه‌کان بگێڕێته‌وه، ناتوانێ ئه‌م کاره بکات، ئه‌مه‌ش وا ده‌کات نووسه‌ر باسی ئه‌و ڕووبه‌ر و لایه‌نانه نه‌کات که نایانبینێ، باسنه‌کردنی هه‌موو لایه‌نه‌کانیش، خۆی له خۆیدا، لایه‌نگرییه، ئه‌م جۆره لایه‌نگرییه‌ش زۆر جار ناچارییه و نووسه‌ر به مه‌به‌ست وای نه‌کردووه.

2- مرۆڤ هه‌ندێ شتی تایبه‌ت به خۆی هه‌یه که نایه‌وێ و به پێویستی نازانێ باسیان بکات، یان ناتوانێ باسیان بکات، ئه‌مه‌ش ڕه‌نگه به‌هۆی شه‌رم، ترس و... یان هه‌ر هۆکارێکی دیکه‌وه بێت.

3- مرۆڤ هه‌ر خودی خۆی نایه‌وێ هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی ده‌یانبینێ و ده‌یانبیستێ، بیانگێڕێته‌وه، ئه‌مه‌ش ئه‌گه‌ر به‌مه‌به‌ستی چه‌واشه‌کردن نه‌بێت، ئاساییه.

## هۆکاره بابه‌تییه‌کان:

1- کولتوور، کۆمه‌ڵگا، دابونه‌ریت و ئایین، ڕۆڵێکی گرنگ ده‌بینن له‌وه‌ی که مرۆڤ ده‌کرێ و ده‌توانێ باسی چی بکات و باسی چی نه‌کات، چی ده‌نووسێت و چۆنی ده‌نووسێت؟! هه‌ر کۆمه‌ڵگایه‌ک نۆرم و به‌ها و دابونه‌ریت و یاسا و ئایینی جیاواز و تایبه‌ت به خۆی هه‌ن، ده‌شێ هه‌ر یه‌کێک له‌مانه، له وڵاتێکه‌وه بۆ وڵاتێکی دی، له کۆمه‌ڵگایه‌که‌وه بۆ کۆمه‌ڵگایه‌کی دی، کاریگه‌ریی هه‌بێ له‌سه‌ر نووسینه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری. بۆ نموونه کاتێک بیره‌وه‌رییه‌کانی میشێل ئۆبامای هاوسه‌ری باراک ئۆبامای سه‌رۆکی پێشووی ئه‌مه‌ریکا ده‌خوێنینه‌وه، باسی هه‌موو ئه‌و په‌یوه‌ندییانه ده‌کات که به‌ر له ئۆباما له‌گه‌ڵ کوڕانی دیکه هه‌یبووه، کولتوور و دابونه‌ریتی ئه‌وان ڕێگا به‌مه ده‌دات، به‌ڵام ئافره‌تێک له کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا ناتوانێ ئه‌م شته بکات و باسی ورده‌کاریی په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ کوڕاندا بکات. بێگومان ئه‌وه هه‌ر کولتوور و سروشتی کۆمه‌ڵگای ئێمه‌یه که ڕێگا ده‌دات پیاو باسی په‌یوه‌ندییه سۆزدارییه‌کانی بکات، به‌ڵام ئافره‌ت ئه‌مه بکات ڕووبه‌ڕووی کێشه و سووکایه‌تی ده‌بێته‌وه. له کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا زۆرێک له‌و پیاوانه‌ی بیره‌وه‌رییه‌کانیان نووسیوه‌ته‌وه، باسی لایه‌نه سۆزدارییه‌کانیان ده‌که‌ن و هیچ کێشه‌یه‌کیشیان بۆ دروست نابێت، ته‌نانه‌ت به‌شانازییه‌وه‌ش باسی ده‌که‌ن.

-2 ده‌شێ نووسه‌ر نه‌وێرێ شکستی دژبه‌ره‌کانی، یان شکستی که‌سانێک باس بکات که ده‌سه‌ڵاتیان به‌سه‌ریدا هه‌یه، هه‌ر بۆیه‌ش گه‌لێک که‌س که بیره‌وه‌رییه‌کانیان ده‌نووسنه‌وه، خۆیان بڵاوی ناکه‌نه‌وه و وه‌سیه‌ت ده‌که‌ن دوای خۆیان بڵاوبکرێته‌وه، یان ته‌نانه‌ت هه‌ندێک که‌سایه‌تی هه‌ن هه‌ر باسی ئه‌وه‌ش ناکه‌ن که بیره‌وه‌رییه‌کانی خۆیان نووسیوه‌ته‌وه و دوای خۆیان نووسین و یادنووسه‌کانیان ده‌دۆزرێته‌وه و بڵاوده‌کرێنه‌وه.

ئه‌مانه ئه‌و هۆکاره خودی و بابه‌تییانه بوون که ده‌بنه هۆکاری ئه‌وه‌ی نووسه‌ر نه‌توانێ بیره‌وه‌رییه‌کانی به بێلایه‌نانه بنووسێته‌وه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و پاساو و هۆکارانه، ناکرێ ئێمه هه‌موو ده‌قێکی بیره‌وه‌ری له یه‌ک ئاست دابنێین، ناکرێ هیچ پێوه‌رێک نه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی ئێمه ده‌قێکی بیره‌وه‌ریی باش و سه‌رکه‌وتوو، له ده‌قێکی دیکه‌ی سه‌رنه‌که‌وتوو جیابکه‌ینه‌وه. که وازیش له پێوه‌ری بێلایه‌نبوون و لایه‌نگیربوون بێنین، که‌واته چ پێوه‌رێک له‌به‌رچاو بگرین بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی ده‌قی بیره‌وه‌ری؟!

به بۆچوونی من، له ده‌ره‌وه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندن به پێوه‌ری بێلایه‌نبوون و لایه‌نگربوون، چه‌ند پێوه‌رێک هه‌ن که ئه‌وه ده‌رده‌خه‌ن ئه‌و بیره‌وه‌رییانه‌ی ئێمه ده‌یانخوێنینه‌وه ده‌قی سه‌رکه‌وتوون یاخود نا؟! ده‌شێ پێوه‌ره سه‌ره‌کییه‌کانیش به‌م جۆره بخه‌ینه‌ڕوو:

1- ڕاستگۆیی: واتا نووسه‌ر ئه‌وپه‌ڕی هه‌وڵ بدات، ئه‌و ڕووداوانه‌ی بینیونی، به‌پێی توانای خۆی به‌ڕاستگۆیی تۆماریان بکات، به‌دیارخستنی لایه‌نێکی ڕووداوه‌کان و باسنه‌کردنی لایه‌نێکی دی، ئاساییه و ده‌که‌وێته چوارچێوه‌ی ئه‌و ئازادییه‌ی نووسه‌ری بیره‌وه‌ری هه‌یه‌تی، به‌ڵام به مه‌رجێک بۆ چه‌واشه‌کاری و شێواندنی ڕووداوه‌کان نه‌بێت، به‌ڵام کاتێک نووسه‌رێک، یان که‌سایه‌تییه‌کی سیاسی، یان هه‌ر که‌سایه‌تییه‌کی دی بیره‌وه‌رییه‌کانی ده‌نووسێته‌وه، به‌مه‌به‌ستی چه‌واشه‌کاری و شێواندنی ڕووداوه‌کان ته‌نیا دیوێکی ڕووداوه‌کانی خسته‌ڕوو، ئه‌وا بێگومان ئه‌م بیره‌وه‌رییه سه‌رکه‌وتوو نییه و پره‌نسیپێکی گرنگی نووسینه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری له‌ده‌ست ده‌دات.

2- ڕه‌خنه‌له‌خۆگرتن: ئه‌گه‌ر نووسه‌ری بیره‌وه‌ری وه‌ک چۆن که‌موکووڕیی خه‌ڵکانی دیکه باس ده‌کات، به هه‌مان شێوه هی خۆشی باس بکات و خۆی نه‌کاته پاڵه‌وان و فریشته، ئه‌مه خاڵێکی گرنگه بۆ متمانه‌بوون به‌م بیره‌وه‌رییانه، هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر وه‌کو چۆن ڕه‌خنه‌ی له دژبه‌ره‌کانی خۆی گرت و که‌موکووڕییه‌کانی ئه‌وانی باس کرد، به هه‌مان شێوه‌ش ڕه‌خنه‌ی له دۆست و حیزب و گرووپ و نزیکه‌کانی خۆی گرت، ئه‌وا خاڵێکه، کتێبه‌که ده‌کاته جێی ڕه‌زامه‌ندیی خه‌ڵک و خوێنه‌ران. خۆشبه‌ختانه یه‌که‌م ده‌قی چاپکراوی بیره‌وه‌ریی کوردی، که "یادداشت"ه‌کانی ڕه‌فیق حیلمییه، له‌م ڕووه‌وه کتێبێکی سه‌رکه‌وتووه و ده‌کرێ وه‌ک نموونه وه‌ریبگرین. ڕه‌فیق حیلمی له‌م یادداشتانه‌یدا ڕه‌خنه له خۆی و له دۆست و له دوژمنه‌کانی ده‌گرێت و سۆز و نزیکایه‌تی به‌سه‌ریدا زاڵ نییه. بۆ نموونه: په‌یوه‌ندییه‌کی به‌تین له نێوان شێخ مه‌حموود و ڕه‌فیق حیلمیدا هه‌بووه، له سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتدارێتیشیدا، شێخ مه‌حموود، ڕه‌فیق حیلمی کردبووه ڕاوێژکاری سیاسیی خۆی، که‌چی ئه‌مه نابێته هۆی ئه‌وه‌ی کوێرانه به‌سه‌ر شێخدا هه‌ڵبڵێت و له چه‌ند شوێنێکدا ڕه‌خنه له خاڵه لاوازه‌کانی ده‌گرێت و پێیوایه له‌ڕووی سیاسییه‌وه که‌سێکی دووربین نه‌بووه، بۆ نموونه ده‌نووسێت: "دوای به‌ینێک که ئینگلیزه‌کان به‌ته‌واوی دامه‌زران و جێی خۆیان گرت و شاره‌زایی ته‌واویان ده‌رباره‌ی عه‌شایر و خه‌ڵقی تری وڵاته‌که په‌یدا کرد و به‌تایبه‌تی که له ته‌بیاتی شێخ مه‌حموود باش شاره‌زا بوون و بۆیان ده‌رکه‌وت که زۆر به‌ته‌نگ دواڕۆژه‌وه نییه و هه‌ر بۆ ئه‌و ڕۆژه ئه‌ژی که تیایه‌تی، جگه له‌مانه هه‌موو دوای ئه‌وه‌ی که نوئێل گه‌یشته تورکیا و شێخ مه‌حموود له ڕابه‌ر و ڕێپیشانده‌رێکی وه‌کو ئه‌و هێمن و به‌هۆش و لایه‌نگیری خۆی دوورکه‌وته‌وه و له ئیداره و به‌ڕێوه‌بردنی کاروباردا که‌موکورتییه‌کان ده‌رکه‌وتن و ده‌نگی ناڕه‌زایی له‌ملاوئه‌ولا به‌رزبووه‌وه، ئینگلیزه‌کان هاتنه سه‌ر پاشو، چاوه‌ڕوانی ئه‌وه بوون که چه‌پۆکێک بوه‌شێنن و دوایی به حوکمی شێخ بده‌ن، شێخ مه‌حموودیش که ده‌نگی ناڕه‌زایی و مقۆمقۆی خه‌ڵقی ئه‌بیسته‌وه و به‌تایبه‌تی که ده‌وروپشته نه‌فامه‌کانی له جیاتی ڕاستکردنه‌وه‌ی چه‌وتییه‌کان یارمه‌تی بده‌ن و له‌ڕێی قازانجی خۆیان و گه‌وره‌که‌یاندا، له هه‌ندێ ده‌ستدرێژی و به‌دزمانیی خۆیان بکێشنه‌وه، ئه‌وه‌نده‌ی تر شووڵیان لێ هه‌ڵئه‌بڕی و ئه‌چوون به قینا و سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش بۆ ده‌مکوتکردنی خه‌ڵقه‌که و نواندنی هه‌یبه‌تی خۆیان حوکمداریان هان ئه‌دا و ئه‌بوون به‌هۆی زیادبوونی شێواندن و ئاڵۆزاوی... {یادداشت: ل 67}".

ئه‌مه ڕه‌خنه‌یه‌کی تونده له شێخ و ده‌وروبه‌ره‌که‌ی، به‌ڵام هه‌ست به‌وه ده‌کرێت که ڕه‌خنه‌یه‌کی زۆر دڵسۆزانه‌یه و دڵی بۆ ئه‌و که‌موکووڕییانه ناڕه‌حه‌ته و نایه‌وێ شێخ به‌مشێوه‌یه بێ و چاره‌نووسی میلله‌ت بکه‌وێته مه‌ترسییه‌وه.

ڕه‌فیق حیلمی نێوانی له‌گه‌ڵ سمکۆی شکاکیش ئه‌وه‌نده خۆش بووه که کۆبوونه‌وه‌ی نهێنی له نێوان ئه‌و و شێخ مه‌حموود و سمکۆی شکاک هه‌بووه، که‌چی که ده‌چێته ئه‌و ده‌قه‌ره‌ی ماوه‌یه‌ک سمکۆی لێ ده‌سه‌ڵاتدار بووه، به خراپه باسی ده‌که‌ن و ئه‌ویش په‌رده‌پۆشی ناکات: "له کاتی به‌ختیاری سمکۆدا، ئه‌م وڵاته هه‌مووی له ژێر حوکمی شکاکدا بوو، به‌ڵام زۆر به‌داخه‌وه ئه‌یڵێم که خه‌ڵق له سمکۆ زۆر به‌گله‌یی بوون، له هه‌موو هه‌ڵکه‌وتێکا به کزه‌ی ده‌روونه‌وه باس و هه‌واڵی ده‌وری سمکۆ و زه‌برو‌زه‌نگیان ئه‌گێڕایه‌وه، من به‌ناوی ئه‌وه‌ی که کوردێک بووم، زۆرم لا گران بوو قاره‌مانێکی کورد، له وڵاتی خۆیدا ناوێکی وای به‌جێهێشتبوو.. {یادداشت: ل370}".

ڕه‌فیق حیلمی له‌م یادداشتانه‌دا، ڕه‌خنه له زۆر که‌س و لایه‌نی دیش ده‌گرێت، بۆ نموونه ڕه‌خنه له ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانی ئه‌وکات، گرووپ و کۆمه‌ڵه کوردییه‌کان، هه‌روه‌ها ڕه‌خنه له میلله‌تی کورد به گشتی ده‌گرێت.

وه‌کو گوتمان ئه‌م جۆره ڕه‌خنه له‌خۆگرتن و په‌رده‌پۆشنه‌کردنی که‌موکووڕییه‌کان، پره‌نسیپێکی گرنگن له‌وه‌ی ئێمه وا ته‌ماشای ئه‌و بیره‌وه‌رییانه بکه‌ین که بیره‌وه‌ریی سه‌رکه‌وتوون.

3- بێگومان ئه‌گه‌ر نووسینه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری پێشتر ته‌نیا ده‌قێکی موجه‌ڕه‌د بووبێ، ئه‌وا له سه‌رده‌می ئێستادا، بووه‌ته هونه‌رێکی ئه‌ده‌بیش، واتا بێگومان ئه‌و جۆره بیره‌وه‌رییه سه‌رکه‌وتووتره که به شێوازێکی ئه‌ده‌بی بگێڕدرێته‌وه و بنووسرێته‌وه، ده‌شێ وه‌کو ده‌قێکی ئه‌ده‌بی هونه‌رکاری و خه‌یاڵ و فه‌نتازیاشی تێدا بکرێت، به‌ڵام به‌و مه‌رجه‌ی ئه‌و ڕه‌هه‌نده سه‌ره‌کییه له‌ده‌ست نه‌دات که ئه‌مه بیره‌وه‌رییه نه‌ک ڕۆمان، یان ده‌قێکی ئه‌ده‌بی، هه‌ر بۆیه‌ش ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی بیره‌وه‌رییه‌کانی ده‌نووسێته‌وه خۆشی ئه‌دیب و نووسه‌ر نه‌بێ، گرنگه په‌نا بۆ ئه‌دیبان ببات، تاکو یارمه‌تی بده‌ن له داڕشتنه‌وه و ڕێکخستن و هونه‌رکاری له بیره‌وه‌رییه‌کانیدا، هه‌روه‌کو زۆرجار له ئه‌ده‌بیاتی دیکه‌ی دنیادا وا ده‌کرێت.

**سه‌رچاوه‌کان:**

**1- هونه‌ری ژیاننامه، شێوازه‌کانی نووسینه‌وه‌ی: بیره‌وه‌ری، گه‌شتنامه، ڕۆمانی ژیاننامه‌یی – سه‌نگه‌ر زراری، نووسینگه‌ی ته‌فسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنه‌وه، چاپی یه‌که‌م (2019).**
**2- مرۆڤ و ئینته‌رنێت (چه‌ند ڕامانێک له دنیای مه‌جازی)– ڕێبوار سیوه‌یلی، له بڵاوکراوه هاوبه‌شه‌کانی ماڵی وه‌فایی، چاپی یه‌که‌م (2019).**
**3- یادداشت – نووسینی: ڕه‌فیق حیلمی، ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م، چاپی سێیه‌م (2003).**

*** ئه‌م بابه‌ته له ته‌وه‌ری سه‌ره‌کی بیستودووه‌مین فیستیڤاڵی گه‌لاوێژ، وه‌کو پانێلێک له‌لایه‌ن نووسه‌ره‌وه پێشکه‌ش کراوه.**



**شاعیربوون و به‌گشتی نووسه‌ربوون واته له دۆزه‌خدا بوون**

هاوسه‌ره و دایک و هاوڕێ، له هه‌مان کاتیشدا ده‌یه‌وێ وه‌ک خۆی بێ و وه‌ک خۆی بۆی بڕوانن، حه‌زی له ڕه‌هاییه و له ژنانه‌ییه، به‌ڵام ژنی کۆمه‌ڵگای ئێمه له پارادۆکسێکی خه‌مناکدا ماوه‌ته‌وه... یان ده‌بێ ژنانه بژی و له قه‌فه‌سدا، یان ده‌بێ پیاوانه هه‌ڵسوکه‌وت بکا و خۆی و هه‌سته‌کانی و تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی ڕه‌گه‌زی خۆی له چاوی کۆمه‌ڵگا بشارێته‌وه!

**ڕووداو: به‌گشتی چ چاوه‌ڕوانییه‌کتان له شاعیربوون هه‌یه؟**

**هه‌ڵاڵه سوهرابی:** شاعیربوون و به‌گشتی نووسه‌ربوون واته له دۆزه‌خدا بوون. که شاعیر بووی ژیان و ده‌وروبه‌رت جۆرێ تر ده‌بینی، هه‌میشه ڕه‌نجه‌کان و واتای شته‌کان و ڕووداوه‌کان بۆ تۆ تۆختر ده‌نوێنێ. شیعر به من ده‌ڵێ که بێهووده نیم، مرۆڤم به ته‌واوی هه‌ست و چێژ و حه‌زێکه‌وه که له مرۆڤدا هه‌یه. بێهووده نیم چون هه‌ست به ئازارکێشانی ده‌وروبه‌ره‌کانم ده‌که‌م و ده‌توانم ده‌نگی ته‌واوی بێده‌نگییه‌کانیان بم. شیعر ده‌نگی چه‌وساوه و بێده‌نگکراوی منه و هه‌میشه نزیکترین هاوڕێم بووه.

**ڕووداو: کاتێک که شیعرێک ده‌نووسن خوێنه‌ر له‌به‌رچاو ده‌گرن؟ خوێنه‌ر لای ئێوه چ ڕۆڵێک و پێگه‌یه‌کی هه‌یه؟**

**هه‌ڵاڵه سوهرابی:** شاعیر له کاتی نووسیندا ته‌نیا خۆیه‌تی و شاڵاوی وشه‌کان و ئه‌و دۆزه‌خه‌ی تێیدا ده‌ژی، بێگومان شاعیرێک که به ئه‌ندێشه‌وه بنووسێ خوێنه‌ری خۆی ده‌بینێته‌وه. پێموایه خوێنه‌ر ڕۆڵێکی تایبه‌تی هه‌یه له نواندنی شیعردا، من وه‌ک شاعیرێک هه‌میشه خوێنه‌رم لا گرنگ بووه و دوای ئه‌وه‌ی شیعرێک به ئاکام ده‌گا یه‌که‌م که‌س خوێنه‌ران بوون که شیعره‌که‌م له‌گه‌ڵدا به‌ش کردوون و چێژێکی تایبه‌تم بردووه له‌وه‌ی توانیومه هه‌سته‌کان و خه‌مه‌کانی خۆم له‌گه‌ڵ خوێنه‌ردا به‌ش بکه‌م.

خوێنه‌ر لای من کاتێ گرنگه که چالاک بێ و خۆی بگه‌یێنێته ئاستی شاعیر، یان نا له شاعیر سه‌رتر بڕوانێته شیعر و مانای نوێ و جیاواز ببه‌خشێ به ده‌ق.

**ڕووداو: زۆرێک له‌و شاعیرانه‌ی له وڵاته تا ڕاده‌یه‌ک دواکه‌وتووه‌کان یان ئه‌وانه‌ی له‌ژێر ده‌سه‌ڵاته دیکتاتۆره‌کاندا ژیان و به‌رهه‌میان خولقاندووه، شیعره‌کانیان په‌یوه‌ندییه‌کی زۆری هه‌یه به دۆخی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی کۆمه‌ڵگاکه‌یانه‌وه؛ پێتانوایه شاعیرانی کۆمه‌ڵگای ئێمه ده‌بێ چۆن بن؟**

**هه‌ڵاڵه سوهرابی:** به بڕوای من ئه‌وه‌ی که شیعر په‌یوه‌ندی هه‌بێ به دۆخی سه‌رده‌می کۆمه‌ڵگاوه دواکه‌وتوویی ئه‌ده‌بیات نییه به‌ڵکوو خاڵێکی ئه‌رێنییه له شیعردا که شاعیر بتوانێ به‌پێی بارودۆخی سه‌رده‌می خۆی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگا بچێته پێشێ و داهێنانی هه‌بێ. پێموایه نیوه‌ی زیادی شاعیرانی ئه‌م سه‌رده‌مه له باسگه‌لێکی بێهۆ وه‌ک باسی ئه‌وین و دڵداری و هتد ده‌رباز نابن و ئه‌وه له حاڵێکدایه که کۆمه‌ڵگای ئێمه له قه‌یرانی ئابووری و کاره‌ساتی خۆکوژی و کێشه‌گه‌لی ڕه‌گه‌زی و هه‌ژاریدا ده‌تلێته‌وه.

بێگومان نووسه‌رێک که بارودۆخی خه‌ڵک و کۆمه‌ڵگای خۆیی بۆ گرنگ بێ ڕاسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ ئه‌و ڕه‌نجانه له کاره‌کانیدا ڕه‌نگده‌داته‌وه، به‌ڵام ئه‌سته‌م نییه ئه‌وه‌ی که ئه‌دیبان و شاعیرانی ئێمه بارودۆخی سه‌رده‌می خۆیان له کاره‌کانیاندا ڕه‌نگ بداته‌وه و ئێستای وڵاتی خۆیان به به‌ره‌ی داهاتوو بناسێنن.

## ئارام کاکەی فەلاح:

# ژن نەبووایە دونیا دەبووە چایخانەیەکی گەورەی پڕ لە دووکەڵ و قیژەقیژ



ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕووئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە گفتوگۆی ئەمجارەماندا، ئارام کاکەی فەلاح، نووسەر و چیرۆکنووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**

**ڕووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** ئەم ماوەیە زۆر حەزم لە کتێبی فیکری و ڕۆمانەکانی ئیمبرتۆ ئیکۆیە. ئێستا ڕۆمانێکیم بە دەستەوەیە بۆ خوێندنەوە بە ناوی تیراژی سفر.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** ناتوانم بە تایبەتی باسی کتێبێک بکەم، بەڵام خوێندنەوەی هەموو کتێبەکان پێکەوە دەتوانن زۆر شت لە مرۆڤدا بگۆڕن، وەک لای من کردیان.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** زۆر کتێب هەن، لەوانە تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی، دۆنکیشۆتی سێرڤانتس، 1984ی جورج ئۆروێل، هەروەها ئاوریشم-ی ئەلکساندرۆ باریکۆ، کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی- کارڵ پۆپەر کە ساڵی 1945 نووسیویەتی لە دوو بەشی کتێبێکی گەورەدا کە ڕەخنەی گرنگ لە فیکری پلاتۆن و هیگڵ و مارکس دەگرێ بۆ پێکهێنانی سیستمێک بۆ کۆمەڵگا و چۆن ئەم بیرە گەورانەش لە نووسینەکانیاندا کۆمەڵگای کراوەیان کردووەتە دەرەوە، زۆر شت لەو کتێبەوە فێر بووم.

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** من گەر داوای هەر ڕۆمانێکی دوستۆیڤسکی بکەم، بڕوا ناکەم کاکی نووسەر هەر وەڵامیشم بداتەوە، بەڵام چیرۆکێکی کورتی هەیە (خەونی مرۆڤی پێکەنیناوی) کە من کاتی خۆی لە ڕووسییەوە کردمە کوردی و لە گۆڤاری سەردەمی ژمارە 69ی ساڵی 2012 بڵاوبووەوە، پێش ئەوەش لە گۆڤاری یەکگرتندا، ئەو چیرۆکە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تری دۆستۆیڤسکیدا لە کتێبێکدا بەناوی (ژن و مێردێکی غەریب لەسەر جێگای خەو)، ئەو کۆمەڵە چیرۆکە پێم خۆش بوو من بمنووسیبایە.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** دەتوانم ناوی سێ کتێب بهێنم، یەکەمیان ماستەر و مارگەریتای بولگاکۆف، دووەمیان ڕۆمانە سێ بەشییەکەی ستیگ لارشۆنی سویدی، هەروەها کافکا لە کەنار دەریای مۆراکامی.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** هەندێ کتێب هەن، لەوانە کاتی خۆی ساڵی 1990 کە چووم بۆ شاری سانتپترسبورگ و سەرم لە ماڵی دۆستۆیڤسکی دا کە کراوە بە موزێ و بە چاوی تەڕەوە بە ماڵەکەیدا دەهاتم و دەچووم و بۆنی کتێب و کاراکتەری ناو ڕۆمانەکانی لە ژوورەکانەوە بەسەرما دەهاتن، کاتێ گەڕامەوە بۆ خارکۆف لە ئۆکراینا (زۆربەی زۆری خەڵکی کورد، گەر نەڵێم هەمووی بە هەڵە بەم وڵاتە دەڵێ ئۆکرانیا)، توانیم بیرەوەرییەکانی ئانای ژنی نووسەر پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە، من هەموو کتێبەکەم بە چاوی تەڕەوە خوێندەوە، ئێستاش بیرمە کە تا هەفتەیەک نەمتوانی بخەوم، نازانم بۆ؟ کتێبێکی تریش، دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی کاتێک موزەفەری سوبحەدەم بە دوای سەریاسەکاندا دەگەڕێ و ئەو سەریاسە دەبینێتەوە کە لەشی وەک خەڵووز سووتاوە، بەختیار هێندە جوان وەسفی سووتان و برینەکانی دەکات مرۆڤ خۆی بۆ ناگیرێت.

> **زۆر شت لە کتێبی "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکان"ی کارڵ پۆپەرەوە فێر بووم**

**ڕووداو: کتێبێک کە بەدیاری دەیبەخشیت؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** کوڕە من زۆربەی زۆری کتێبەکانی خۆمم بە دیاری بەخشیوە (بە پێکەنینەوە)، بەڵام بلیتێک بۆ جەهەنەم، یان سیزیف؛ ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە، دەتوانم کەسێ خۆشمبوێ بە دیاری پێی ببەخشم.

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم:

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** چاکە لای من دەموچاوی زۆرە، هەر بەخشینی پارە و خواردن و سەدەقە و قوربانی و ئەم شتانە نییە، جاری وا هەیە باشترین چاکە لای من ئەوەیە گوێ لە کەسێ بگری کە دڵی پڕە و حەز دەکات قسەت بۆ بکات، جاری تریش ڕەنگە جوانترین چاکە لەسەر ئەم گۆی زەوییە لێبووردەیی بێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شای چاکەکان ئەوەیە هەرچی چاکە و باشیت لەگەڵ هەر کەسێکدا کرد نەیدەیتەوە بە چاویدا و پێی نەفرۆشیتەوە، چونکە مرۆڤی وام تەواو لەبەرچاو دەکەوێت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** پیاوان تایبەتمەندیی باشەیان زۆر کەمە و لای من پیاو بوونەوەرێکی زۆر مشەخۆر و خۆویست (ئەنانی) و نەگبەتە، هەرچی نەگبەتیی ئەم گۆی زەوییەیە هی پیاوانە و تەواو دونیای خۆرهەڵاتیان داگیر و ناخۆش کردووە، بەڵام بەختەوەرە ئەو کەسەی باوکێکی باش، یان بە ڕێکەوت مێردێکی باش، یان برایەکی باشی هەیە، ئەوەیان شتێکە ئینسان ناتوانێ لە کەسی بسەنێت. وەک یانسیب وایە.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** ڕاستت بوێ ئەم دونیایە ژن ڕایگرتووە، بە جوانی و میهرەبانی و ناسکیی خۆیەوە هەموومانی بەم دونیایەوە بەستووەتەوە، گەر ژن نەبووایە دونیا دەبووە چایخانەیەکی گەورەی پڕ لە دووکەڵ و قیژەقیژ.

**ڕووداو: بە نرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** ئەوەیە قەت لە یەکتر زویر نابین، هاوڕێی وام هەیە سی، چل ساڵ زیاترە یەک دەناسین بێ ئەوەی ڕۆژێک لێک عاجز بووبین، سەیرە!

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** لە تەنیایی.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** بەختەوەریی ئایدیاڵ لای من بوونی نییە، گەر هەر بە زۆریش بتەوێ ئەو شتەی نییە، من پێناسەی بکەم، ئەوا دەتوانم بڵێم بەختەوەریی ئایدیاڵ گەر هەبێ، ئەوا ڕەنگە ئەو زەمەنە بێت کە حەز نەکەی بڕوات. کاتێک حەز نەکەی بیکوژێت. زەمەنێک بێ چاوەڕوانی.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە بە کۆمەڵ تووشی زۆر چارەڕەشی بووە، بەڵام وەک تاک ڕەنگە لەناو ئەفسانەکاندا باشتر بیدۆزینەوە، ئەوەش بە بڕوای من ئەو چارەنووسەیە کە ئۆدیب تووشی بوو بێ ئەوەی خۆی بیەوێ. یان ئۆدیسیۆس کە پیاوێکە قەت ناگاتە ماڵەوە، چیرۆکی باوکی ناو تەلەفۆنی من زۆر لەو دەچێ.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژیت؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** مرۆڤ هەمیشە حەز دەکات ئەو شوێنە بگۆڕێت کە لێی دەژی، مرۆڤ بوونەوەرێکە بیشیبەیت بۆ بەهەشت هەر حەز دەکات هەندێ جار لێی بێتە دەرەوە، شەمەندەفەرێک، قاچاخچییەک هەر دەدۆزێتەوە لێی بێتە دەرەوە (بە پێکەنینەوە). من لە ستۆکهۆڵم دەژیم کە یەکێکە لە جوانترین پایتەختەکانی دونیا و زۆریشم خۆشدەوێ، بەڵام دڵم زۆر بە پاریس دەکرێتەوە و شارێکی زۆر قەشەنگە، جار جار حەز دەکەم وازم لێبێنن تا لە شەقامەکانی سانتپیترسبۆرگدا ون بم، حەزم لە میلانۆیە، پراگ زۆر جوانە، هەندێ جاری تریش کە بیری هاوڕێکانم دەکەم، بیری منداڵیم دەکەم، حەزم لە هیچ شوێنێ نییە، سلێمانی نەبێ.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** من هەموو ڕەنگەکانم پێ جوانە، بەڵام لە ناویاندا گەر هەر دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا شەکەری هەڵدەبژێرم. بۆ گوڵیش دەبێ بڵێم گوڵە قەدیفە، گەر ئەو نەبوو خەشخاش یان نێرگز.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** دۆستۆیڤسکی، کارلۆس زافۆن، ئیمبرتۆ ئیکۆ، ستیگ لارشۆن.

> **دواهەمین هەناری دونیا و بیرەوەرییەکانی ژنەکەی دۆستۆیڤسکی گریاندوویانم**

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** وارنەر ئاسپێنسترۆم.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** گرێنوللی، هەروەها ڕاسکۆلینکۆف.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** لیسبەت سەلاندەر، گەر پێم ڕازی دەبێ دەیهێنم (بە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** چایکۆڤسکی و هەر حەوت سەمفۆنیاکەی. من لەگەڵی بوومایە نەمدەهێشت لە 53 ساڵیدا بە کۆلێرا و خواردنەوەی ئاوی پیس بمرێ. هەروەها سێرگی پرۆکۆفیچ کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا یەکەم ئۆپێرای نووسی.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** مارک شاگاڵ و فیگۆرەکانی کە هەر خەریکی فڕینن، هەروەها ئەمیدیۆ مۆدیگلیانی و فیگورە ملدرێژەکانی.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** حەزم لە ناوی (کاریتە)یە، بۆیە بۆ کچەکەی خۆمم هەڵبژارد، هەروەها پۆلینا و ئیمیلیانە.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** لە درۆ.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** حەزم دەکرد هەر سەرم بکردبایەتە سەر سەرین بنووستمایە، دوو کۆمەڵە چیرۆکم دەگۆڕییەوە بەو تایبتمەندییە (بە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمری؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** دەمەوێ پێش مردن پرسیارم لێ بکرێ، ئێستا دەتەوێ یان نا؟ ئەگەر زۆر نووسین و شتم بە دەستەوە بێ، نا بۆ کوێم دەبەی ماڵت ئاوا بێ، ئێستا کەی وەختی مردنە؟ هەزار ئیشم هەیە. (بە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** کە نانووسم ڕۆحم وێرانە، کە دەشنووسم هەموو دونیا هی خۆمە. ئێستا خەریکی نووسینم.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** پاکی- کۆڵنەدان -جوانیی ڕۆح- ئازادی.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێ لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:** بەڵێ نووسەربوون تا ئێستا لە هەموو بوونەکانی تر لام پێویستتر و جوانتر و زەحمەتترە. گەر لە کاری نووسین زەحمەتتر شک دەبەن، بێزەحمەت تێلێکم بۆ بکەن (بە پێکەنینەوە).